# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان ئیعتیکافی دەکرد، هەتاوەکو وەفاتی کرد، پاشان خێزانەکانی لە پاش ئەو ئیعتیکافیان دەکرد

لە عائیشەوە دایکی ئیمانداران وخێزانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم ڕەزای خوای لێبێت دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان ئیعتیکافی دەکرد، هەتاوەکو وەفاتی کرد، پاشان خێزانەکانی لە پاش ئەو ئیعتیکافیان دەکرد».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەردەوام بوو لەسەر ئیعتیکاف کردن* لە دەی کۆتایی مانگی ڕەمەزان، ئەمیش بۆ بەدەستهێنانی پاداشتی شەوی قەدەر، وبەم شێوەیە بەردەوام بوو هەتاوەکو وەفاتی کرد، ولە پاش ئەو خێزانەکانی بەردەوام بوون لەسەر ئیعتیکاف کردن -ڕەزای خوایان لێبێت-. *(ئیعتیکاف: واتە مانەوە لە مزگەوت و بەجێنەهێشتنی بۆ ئەنجامدانی پەرستن)

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4495

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee